# هێرشی میلیشیاکان و تەنگژەی ناوخۆیی شیعی لە عێراق

17-01-2022

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** لە دووهەفتەی یەکەمی سەرەتای 2022دا، شەپۆلێکی دیکەی هێرشی گرووپە چەکدارییە شیعییەکان دەستیپێکرد. لانیکەم 13 هێرش و دوو هەوڵی هێرشی ئەو گرووپانە لە ماوەی 15 رۆژی یەکەمی ئەمساڵدا، ئەو رووداوانەی وەك پرسێکی زیندووی ئەمنی- سیاسی خستەوە رۆژەڤ

**بەرایی**

لە دووهەفتەی یەکەمی سەرەتای 2022دا، شەپۆلێکی دیکەی هێرشی گرووپە چەکدارییە شیعییەکان دەستیپێکرد. لانیکەم 13 هێرش و دوو هەوڵی هێرشی ئەو گرووپانە لە ماوەی 15 ڕۆژی یەکەمی ئەمساڵدا، ئەو ڕووداوانەی وەك پرسێکی زیندووی ئەمنی- سیاسی خستەوە ڕۆژەڤ. هاوکاتبوونی هێرشەکان لەگەڵ تەنگژەی نێوان چوارچێوەی هاوئاهەنگی و ڕەوتی سەدر، وایکردووە تاوەکو زۆرکەس، لە تەنیشت گوتارە باوەکانی وەك"موقاوەمە" و "تۆڵەی کوژرانی سلێمانی- موهەندیس"، هێرشەکان بە قۆناخی پاش-هەڵبژاردنی عێراقیش ببەستنەوەو، وەك کارتێکی گوشار لە دژی سەدر تەماشای بکەن. لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە زیادبوونی هێرشەکان دەتوانێت چ کاریگەرییەك لەسەر تەنگژەی ناوخۆیی شیعی لە قۆناخی پاش-هەڵبژاردن دابنێت؟

**ئامانج، کات و جوگرافیای هێرشەکان**

بەشێوەی ڕێژەیی لە 15 ڕۆژی ڕابردوودا، لانیکەم 15 پەلاماری گرووپە چەکدارییەکان هەبووە کە دوو لەو هێرشانە سەریان نەگرت و لەوانەش، لانیکەم یەکێکیان بۆ دەروبەری هەولێر بووە.

هێرشەکانی گرووپە چەکدارییەکان لە نیوەی یەکەمی مانگی 1ی 2022

| شوێن | ڕۆژ | ئامانج |
|---|---|---|
| بەغدا | 3 | فڕۆکەخانە |
| سوریا | 3 | ئەلعومەر |
| بەغدا | 4 | کاروانێکی سەربازی |
| ئەنبار | 4 | بنکەی سەربازی عەین ئەسەد |
| سەماوە | 5-4 | کاروانی لۆجستیکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش |
| بەغدا | 5 | بنکەی سەربازی نەسر / ڤیکتۆری |
| ئەنبار | 5 | بنکەی سەربازی عەین ئەسەد |
| سوریا | 5 | بنکەی سەربازی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی- گرین ڤیلج |
| پردێ | 7 | هێرشی مووشەکی بۆسەر هێزەکانی پێشمەرگە |
| بەغدا | 13 | ناوچەی سەوز |
| بەغدا | 13 | ئەعزەمیە |
| نەینەوا | 15 | زلیکان، بنکەی سەربازی تورکی |
| سەلاحەدین | 15 | بنکەی سەربازیی بەلەد |

لەڕووی کاتەوە دەتوانین هێرشەکان بکەینە دووبەش: بەشێکیان ئەوانەن کە زیاترلەنێوان 3-5ی ئەم مانگەدا چڕبوونەوە. لەوانەشدا زیاتر کاروانی لۆجستیکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و دەوروبەری بنکە و بارەگا سەربازییەکان کراونەتە ئامانج. هاوکاتبوونی ئەوەش لەگەڵ ساڵڕۆژی کوژرانی سولێمانی ـموهەندیس دەریدەخات کە لەوانەیە ئامانجێکی هێرشەکان- کە زیانێکی ئەوتۆیان نەبووە- زیاتر وەك جوڵەیەکی ڕەمزی بۆ تێرکردنی گوتاری"موقاوەمە" لە بەشێك لە شەقامی شیعی بووبێت. بەشێکی دیکەشیان بەتایبەتی ئەوانەن کە لە دوای 7ی مانگەوە کراون و، ڕەنگە ئەوانەبن کە زیاتر پەیوەندییان بە بارودۆخی نێوخۆیی عیراق و قۆناخی دوای هەڵبژاردنەوە هەبێت کە هێرش بۆ ناوچەی سەوز و هاوپەیمانەکانی سەدر، خاڵی هاوبەشیانە.

**کاردانەوەکانی نێو چوارچێوەی هاوئاهەنگی**

هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش گرووپە میلیشیاکانی سەربە ئێرانی بە ئەنجامدانی هەندێك لە هیرشەکان تۆمەتبار کردووە. بەشێوەی ئاسایی بەرپرسانی حکومەتیش لە عێراق، سەرکۆنەیان کردووە. موقتەدا سەدریش کە لە دوای هێرشەکەی ناوچەی سەوز- باڵیۆزخانەی ئەمریکا کە تێیدا خەڵکی سیڤیلیش بوونە قوربانی، تویتێکی کرد و گوتی ئەم هێرشانە بۆ ئەوە دەکرێن تاوەکو ئەمریکا نەکشێتەوە. لە خواری تویتەکەشەوە نازناوی "المقاوم مقتدی الصدر"ی دانا! وەك جەختکردنێك لەوەی کە ئامانجی هێرشەکان نەك کشانەوەی ئەمریکا، بەڵکو شتێکی دیکە بێت. هەڵبەت لەو نێوانەدا کاردانەوەکانی گرووپ و کەسایەتییەکانی نێو چوارچێوەی

هاوئاهەنگی سەرنجڕاکێش بوون. ئەوان نەك بۆ هەموو هێرشەکان، بەڵکو بۆ هێرشەکەی سەر باڵیۆزخانەی بەغدا، هاوپەیمانەکانی سەدر،هێزەکانی پێشمەرگە لە پردێ بەشێوەی جۆروجۆر کاردانەوەیان نیشانداوە.

نووری مالیکی و هادی عامری و قەیس خەزعەلی دوای هێرشەکانی سەر باڵیۆزخانەی بەغدا و پەلاماری بنکە و بارەگای حیزبەکانی هاوپەیمانی سەدر، ناڕەزاییان پیشانداوە. مالیکی و عامری ئەوانەیان وەك هێرش بۆ سەر سەقامگیری دەوڵەت زانیوەو عامری داوای لە حکومەتیش کردووە بەدواداچوونی بۆ بکات و خەڵك بپارێزێت. حەشدی شەعبیش سەرکۆنەی هیرشەکەی پردێی کردبوو. ئەمە لەکاتێکدایە کە گرووپەکانی وەك کەتائیبی حیزبوڵڵا و سەیدولشوهەدا، لانیکەم بە دەنگی بەرز هیچیان نەگوتووە. لەو نێوانەدا، کاردانەوەکەی قەیس خەزعەلی سەرنجڕاکێش بوو. ئەو گوتبووی" بە ئامانجکردنی ناوچەی سەوز، ئەویش لەم کاتەدا و بە هەمان شێواز، هەوڵی تێکەڵاوکردنی کارتەکانە، بۆیە جەخت لەوە دەکەینەوە کە بڕیاری موقاوەمە ئەوەیە کە ئێستا باڵیۆزخانەی ئەمریکا نەکاتە ئامانج". بێگومان ترسی دەستوەشاندنی ئەمریکا لەلایەك و، ترس لە سەدریش کە هەزاران شەڕکەری ئامادەی لەبەردەستدایە، دەتوانێت هۆکارێك بێت بۆ ڕەتکردنەوە و سەرکۆنەی هێرشەکان، چونکە چ ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری دادگای فیدراڵی بۆ پەسندکردنی هەڵبژاردن بێت و چ ڕۆژی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بێت، سەدر ئەوەی نیشانداوە کە ترسی لە نمایشی سەربازی و تەنانەت ئەگەری بەریەککەوتنیش نییە. بەڵام ئەو تویتەی خەزعەلی و زۆربوونی کاردانەوەکان، خواستە یان نا، ئەو پرسیارە دروستدەکات کە ئایا کێشە و ناکۆکییەك لەنێو گرووپەکانی "موقاوەمە"دا سەبارەت بە شێوازی کردەوەکان هەیە؟ ئایا ئیدی جیاواز بیر دەکەنەوە؟

**ئەنجام**

پێدەچیت شەپۆلی ئەمجارەی هێرشی میلیشیاکان بابەتێکی یەکانگیر نەبێت و لەڕووی کاریگەرییەکەیشی لەسەر تەنگژەی ناوخۆیی شیعی، سنووداربێت. ئەو بەشەی پاڵنەری هێرشەکان کە پەیوەندی بەهێزەکانی ئەمریکاوە هەیە، ڕەنگە بەردەوامبێت. چونکە هێرشی کەم زیانی ڕاستەوخۆش بە ئەمریکا ناگەیێنن، بەڵام بۆ تێرکردنی لایەنگرەکانیان پێویستە، ئەمریکاش نیشانیداوە کە دەتوانیت شتی لەو شێوەیە تەحەممول بکات. ئەوەش کە پەیوەندی بە دروستکردنی گوشار بۆ سەدر و هاوپەیمانەکانی هەبێت کە "ئەگەر بە مەرجەکانمان ڕازی نەبن، دەتوانین نائارامی دروستبکەین"، دیسان هەر لە چوارچێوەیەکی سنووردداردا دەمێنێتەوە. چونکە بەر لە هەموو شتێك، ئەگەر زۆر لەسەری بڕۆن و، بە لەبەرچاوگرتنی دوورەپەرێزیی ئێران و تەنانەت مەرجەعییەتی باڵا-لانیکەم تاوەکو ئێستا- لەڕووی سەربازیشەوە دەتوانن ڕێ بۆ هاوئاهەنگییەکی زیاتری سوپا- پێشمەرگە و سەرایا سەلام و هێزەکانی سەدر بکەنەوە کە دەتوانن شوێنی سەرەکیی جموجۆڵی ئەوان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و پاریزگا سوننەکان تووشی گرفت بکەن.

لەلایەکی دیکەوە، تووندکردنەوەی گرژییەکان و بەهێزکردنی ئەگەری پێکدادانی ناوخۆیی شیعی، دژی بەرژەوەندی و سیاسەتی مەرجەعییەتی باڵایە کە سەرەڕای کەمبوونەوەی هەژموون و کاریگەرییەکەی بەتایبەتی لە دوای خۆپیشاندانەکانی تشرین، هێشتا کۆڵەکەیەکی گرنگی ڕاگرتنی ئەو سیستەمە سیاسییەیە کە لە دوای 2003وە دانراوە.

لانیکەم لەم کاتانەشدا کە تالیبان لە ڕۆژهەڵاتی سنوورەکانییەوە لە ئێران قیت بووەتەوە، ئازەربایجان و تورکیا لە سنوورەکانی باکووری ڕۆژئاوا گرفتیان بۆ دروستکردووە و، بابەتی زاڵبوونی بەسەر ڕێڕەوە دەریاییەکان لەلای باشوورەوە کەوتووەتە بەرگوشارێکی نێودەوڵەتی و، هێشتا گەمارۆکانی ئەمریکایشی لەسەرە و، لانیکەم لەم کاتانەدا دەرچەیەکی گەورەتر لە عێراق شك نابات، پێکدادانی گریمانەیی ناوخۆیی شیعی، دوایین شتێکە کە ئێرانیش بە تەمای بێت. بۆیە ڕەنگە ئەو جۆرە هێرشانە بەهۆی جیاوازی ناو ئەو گرووپانەی کە بە"موقاوەمە" ناوزەد دەکرین و هەروەها بۆ ئەوەی زیاتر وەك کارتێکی گوشار بێت، لەوانەیە لە ئاستێکی نزمدا بەردەوام بن، بەڵام لانیکەم لە ماوەی کورتخایەندا ئەستەمە بۆ شەڕ و پێکدادانێکی ناوخۆیی و کارتیکی کاریگەر لە تەنگژەی ناوخۆیی شیعیدا وەربگۆڕێن.